تەوەر

بۆدلێر

.شارل پییێر بودلێر.

-ناوەکەی بە فەڕەنسی Charles Pierre Baudelaire

- لە دایکبووی 9 ئاپریلی 1821 کە لە شاری پاریس.

- شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگری پێشەنگی فەڕانسەوی بوو.

- لە تەمەنی شەش ساڵیدا باوکی مرد. ساڵێك دواتر دایکی شووی بە سەروانێك کرد و بودلێر کەوتە بەر دەستی زڕباب.

- لە تەمەنی 21 ساڵیدا هاوسەرگیریی کردوە.

- ساڵی 1868 بە هۆی جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی (مونپارناسی) شاری پاریس نێژرا.

- بێجگە لە ڕەخنە و وتار، چەند کۆپلە شیعرێك و چیرۆکێکی لە پاش بە جێ ماوە. سەرجەم کۆپلە شیعرەکان دواتر لە یەك بەرگدا بە ناوی «گوڵە دۆزەخییەکان» بڵاو بوونەوە.

ژان دوڤال

ژنە پێسترۆشەکەی بۆدلێر

ئەحمەدی مەلا

بۆدلێر تەمەنی 21 ساڵ دەبوو، ڕۆژێکیان لای چەند برادەرێکی بۆ خوانی ئێوارە داوەت کرابوو، دوای ئێوارە خوانەکە، هەست دەکات هێشتا زۆر زووە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ماڵ، کاتێک بە بەردەم شانۆیەکی شەپرێودا تێدەپەڕێ و چاوی بە پەرچەمێک دەکەوێ کە لەسەری ناونیشانی شانۆنامەکە نووسرا بوو :» سیستەمی مامم.» ناونیشانەکەی هەند بێمانا دەهاتە بەرچاو، ئارەزووی ئەوەی کرد بلیتێک ببڕێ و بچێ بزانێ ناوەڕۆکی ئەو شانۆنامەیە چییە. بە هەقڵەت، وەک چۆن مەزەنەی کردبوو، وا دەرچوو، لە جیاتی ئەوەی هەڵسێ و ئەوێ جێبهێڵێ، لە سەر کورسییەکەی نەجوڵا تا لە پرێکدا ژنێکی پێستڕەش، باڵابەرز هاتە سەر تەختەی شانۆ، جلوبەرگی کارەکەری لەبەر بوو، بەڵام هەیبەتی شاژنی هەبوو. خاوەن دەنگێکی زاڵ و داگیرکار و سەرسامکەری هەبوو و بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێشیش مۆسیقاویی بوو. « فەرموو خانم.»: تەنها ئەم سێ وشەیەی دەربڕی و تەختەی شانۆی جێهێشت.

بێگومان بۆدلێر، سەرباڕەی ئەوەی خۆی بە «میزۆژین» نێوزەد دەکرد، بە تەواویی سەرسامی دەبێ. بە تامەزرۆوە چاوەڕێ دەکات تا جارێکی دیکە بێتەوە سەر تەختەی شانۆ، بەڵام بێسوود بوو. بەڵام دەبوو جارێکی دیکە چاوی بەو ژنە بکەوێتەوە کە دواتر بە «ژنە خوداوەندێکی ڕەش وەکو شەو.» وەسفی دەکات. ئەو ژنەی جیهانی بۆدلێر قڵپودیو دەکات. لە کۆتایی نمایشەکە لە «چرپەکەرێک» نزیک دەبێتەوە و ئەویش پێی دەڵێ ئەو ژنە ئەکتەرە تەنها ئەو ٣ وشەیە درکاند و ئیدی گەڕایەوە بۆ ماڵ. ڕۆژی دوایی بە چەپکە گوڵ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە چاوی پێبکەوێتەوە ؛ تاقەشت کە لە ماوەی ئەو شەو و ڕۆژەی کە کەوتە دوای بینینی یەکەم، بیری لێ کردووە ئەوە بوو کە جارێکی تر چاوی پێی بکەوێتەوە. بۆدلێر بۆ ڕۆژی دوایی دەگەڕێتەوە بۆ شانۆ و چەپکە گوڵێکی بۆ دەنێرێ وێرای پارچە کاغەزێک کە لەسەر نووسرابوو «دەمەوێ دوای شانۆنامەکە چاوم پێت بکەوێ.»

ژان دوڤال خوێندەوارییەکی وای نەبوو، بەڵام بە باشی سەری لە ئیغراکردنی پیاوان دەردەچوو. زۆر باش پیاوانی دەناسی چونکە بۆ ئەوەی ئەو داهاتە ڕژدە تەواو بکا کە لە کاری ئەکتەریی دەستی دەکەوت، شەوانیش پیشە هەر دێرینەکەی دەکرد.

نادارى ئۆتۆگراف، لە وەسفی دوڤال ئەمە دەنووسێ :» ئەو ژنە، جوانییەکی نموونەیی هەبوو. قژێکی چڕ و ڕەشی هەبوو، چاوە گەورەکانی دوو هەندەی دیکە ڕەش بوون، لووتێکی بچووک و ڕێک وێنەکراو، وێرای دەمێکی دەتگوت دەمی ژنە میسرییەکانە. دوو لێوی ئەستووری جوان نەخشراو، پڕ غروور، تەنانەت کەمێ لووتبەرزیشی پێوەدیار بوو. باڵابەرز و شان و سینگێکی پتەوی و لەشێکی تێکسمراو و میهرەبان و دەنگێکی زوڵاڵ و نەغمەیەکی شیرین و گڕیشی هەبوو...» بانقیل، یەکێک بوو لە هاوڕێیەکانی بۆدلێر، ئەویش لە وەسفی ژان دوڤال دەنووسێ:» ژنێکی پێستڕەش و باڵایەکی بەرزی و قژێکی زۆری هەبوو ؛ خاوەن جۆرە میهرەبانییەک بوو کە خۆی هەستی پێ نەدەکرد، کاتێکی هەنگاوی دەنا، ڕەوتی شاژنی هەبوو، لە نێو هەنگاوەکانی هەست بە میهرەبانییەکی کێوی دەکرد، تێکەڵییەک بوو لە پزیسکی یەزدان و ئاژەڵان.» بۆیە بۆدلێر زۆر وردبینیانە، لەم شیعرەی خوارەوە وەسفی کردووە :

SED NON SATIATA

تینوێتییەکی هێور نەبوو

خوداوەندیی سەمەرە، ڕەشتاڵە چەشنی شەو،
ئاوێتەی بۆن و بەرامەی میسك و تووتنی هاڤانا،
شاکاری دەستی چەند جادووکەرێکی ئەفریقایی،
فاوستی دار و دارستان،
ژنە جادوکەرێکی قەبرغە ئەبەنووس،
زارۆکی نیوەی شەوان،

لە تووندوتۆڵیی و لە تلیاك و لە شەوان زیاترم بەدڵە،
ئێکسیریی زارت ئەڤین تیایدا بە فیز و غروورە؛
کاتێك بەرەو ڕووت ئارەزووەکانم قەتارە دەبەستن،
چاوانت ئەستێرکن بێزارییم تیایدا تینووتیی دەشکێنێ.

لەو چاوە ڕەشە گەورانەوە، کلاّورۆژنەی ڕۆحتن،
ئەی شەیتانی بێ بەزەیی! با هەندە گڕ و بڵێسە بەس بن؛
من ڕووباری ستاکس نیم تاکو نۆ جاران لە ئامێزت بگرم،

بەداخەوە! مێژێری هەوەسباز، لە توانامدا نییە
ئازایەتییت هوردوخاش کەم و بتهێنمە سەرچۆك
لە سەر دۆزەخی دۆشەکەکەتیش ببم بە پڕۆسێرپین!

بۆدلێر پەیوەندییەکی دووفاقانەی لەگەڵ ژندا هەبوو. سەرباڕەی خۆشەویستی بێوێنەی بۆ ژان دوڤال، بەڵام قینی بۆ ڕەگەزی ژن نەدەشاردەوە. ژان دوڤالیش خۆشیدەویست، بەڵام خۆشەویستییەکەی لێ دەشاردەوە و دەرینەدەخست تاکو شاعیر تا لێواری شەیدایی ڕابکێشێ. بۆدلێر پێویستی هەم بۆ ژنێکی زۆر جوان و دڵگیر هەبوو، لەهەمان کاتیشدا زیرەک بێ تاکو دووفاقی فریشتەی و شەیتانییەکەی ژن تەحەمول کات. بۆدلێر لە نێو ئەم گەمە ترسناکەدا وێڵ بوو، ئەم یارییەش ژان دوڤال بە جوانی شارەزای بوو، شاعیر ئەوەش ناشارێتەوە کە تا خامەکەی لێی هەڵبێ، هەندە شەیدا و مەیلی بۆی زیاتر دەبێ. لە شیعرێکدا دەنووسێ :

ئەو کراسە شێتانەش
ڕەمزی هزری ئالاّووالاّتن؛
ژەنە شێت، شێتم بۆت
هەندەی قینم لێتە
دوو ئەوەندەش ئەویندارتم!

ئەم شێت و شەیداییە دەبوونە توێشو و ئیلهامی شیعرەکانی، شیعرەکانی بە چرای نوێ دادەگیرساند، ئەم هەودایەی کە دەکەوتە نێو ژان دوڤال و شیعرەکانی بۆ دڵێرەوە، ڕۆشنایی

بەخش بوون. ئەگەر بۆدلێر دەستبەردارێشی بوایە، کەچی دواجار وەک سیامەست چۆن دەگەڕێتەوە لای بادەکانی، بەو جۆرە شاعیر ئالودی ئەم ژنە پێسترەشە سیحراوییە بوو بوو. تەنانەت ژان دوڤال یارمەتی بۆدلێری دەدا : شیعرەکانی بۆ پاکنووس دەکرد، بۆی دەخوێندەوە. بوو بە ئایدیالی، لەسەرووی هەموو بوونەوەرێکەوە دایدەنا، ئەم وێناکردنەوەی بۆدلێر بۆ ژان دوڤال زۆر بە وردی لە قەسیدەی «زەبەلاح»ڕەنگیداوەتەوە.

زەبەلاح

ئەو دەمەی کە سروشت لە هەرەتی لاویدا،
هەموو ڕۆژێ منداڵێکی زل و زەبەلاحی دەبوو،
ئارەزووم دەکرد وەک پشیلەیەکی هەوەسبازی
بەر پێی شازنێک،
لە تەنیشت کیژۆڵەیەکی زەبەلاح ڕاکشابام.

ئارەزووم دەکرد بمبینیبا چۆن جەستە و ڕۆحی شکۆفە دەکەن،
ئازادانە لەگەڵ گەمە ترسناکەکانیدا گەورە بومایە؛
مەزەنەی ئەوەم کردبا: ئایا دڵی، بڵێسەیەکی تاریکیی حەشار نەداوە
لە نێو ئەو تەمومژە شێدارانەی کە لە نێو چاوەکانی مەلە دەکەن.

هەر بۆ خۆشیش، بە دەوری شێوە سەرنجڕاکێشەکەیدا بخولابامەوە؛
خۆم بە لاقەدی ئەژنۆ زلەکانیدا خشاندبا،
هەندێجاریش، هاوینان، کاتێک هەتاو گوڕی دەستاند،

وەڕس، بە دەشتودەرا خاوی دەکردەوە،
خاووخلیچانە لەبەر سێبەری مەمکەکانی،
وەکو ئاوایەکی ئاسوودەی بناری چیا،
پاڵکەوتبما.

جارێکیان شاعیر نامەیەک بۆ دایکی دەنووسێ و دەڵێ : «چیدی تەحەمولی ئەم ژنە ناکەم، جاران خاوەن ئاکاری جوان بوو، بەڵام ئێستا بە تەواویی لەو ئاکارانە بەتاڵ بۆتەوە. با بۆ خۆی بۆ کوێ دەیەوێ بڕوات. با بڕوات و ملی خۆی بشکێنی..» ئەم هەستە لە قەسیدەی «خوێنمژ» دەردەبڕێ:

خوێنمژ

تۆیەك، هەر چەشنی نوکە چەقۆ،
ڕۆ چویتە نێو دڵی پڕ لە نااڵەم؛
تۆیەك، بەهێز لە حەشاماتی:
شەیتان و مەی و شێتی و ئارایش،

لە نێو هزری کەچبارمدا
تەخت و تاراجی خۆت ڕادەخەی؛
قێزەون خۆم بەستەوە بە یەکێك
وەك بەستنەوەی زیندانیی و زریزە.

وەك یاریچییەکی ڕاهاتوو بە یاریی،
وەك تێکئەڵقانی شووشە و سەرخۆش،
وەك ڕاهاتنی کرم بە کەلاك،
دەك بە نەفرەت بی!

لە شمشێرێك پارامەوە کە تا زووە
ئازادییەکەم لە ڕەگەوە هەڵکێشێ.
بە ژەهری ناکەسبەچەشم گوت
فریای ترسنۆکییەکەم بکەوێ.

مەخابن! هەم ژەهر و هەم شمشێر
بە قێزەوە سەیریان کردم و هەردووکیش، گوتیان:

«تۆ، شایستەی ئەوە نیت
لەم کۆیلایەتییە ڕزگارت بکەین،

هەی نابووتی ناکەسبەچە! ئەگەر بێت و
بە کۆشش و تەلاشی مە،
لە شانەشینەکەت ئازادت کەن،
سەرلەنوێ و دووبارە
بە ماچەکانت لاشەی خوێنمژ زیندوو دەکەیتەوە!»

پێنج ساڵ دوای ئەم جیابوونەوەیە، جارێکی دیکە بۆدلێر دەگەڕێتەوە لای ژان دوڤال، نەخۆشی و بێ پارەیی و شڵەژانی دەروونیی بە تەواویی تەنگیان بە شاعیر هەڵچنیبوو. یەک دوو ساڵ دوای مردنی شاعیر، ناداری هاوڕێ دەیگێڕێتەوە و دەڵێ جارێکیان ژان دوڤالم لە یەکێک لە شەقامەکانی پاریس بینیی بوو بە دارشەقێکەوە. دایکی بۆدلێریش هەموو نامەکانی دوڤال دەسووتێنێ. سەبارەت بەم نامە سووتاندنانە دایکی بۆدلێر دەنووسێ :» ئەگەر هەستم کردبا کە ژان دوڤال کوڕە شیرینەکەی منی خۆشدەویست ئەوە ئەو نامانەم نەدەسووتاندا، بەڵام لە هیچ نامەیەکدا هەست بە دربڕینی سۆز ناکرێ بۆ کوڕەکەم. تەنها هەر داوای پارەی لێدەکات.»

ئەوەی لای خوێنەر دەمێنێتەوە : سەرهەڵدانی وێنەی خوداوەندی هونەری پێسترەشە کە کۆنتراست لەگەڵ قژەرد و چاوشین و پێستسپی دروستەدەکات کە وێنەگەرای تەقلیدیی ڕۆژئاوا پێمانی دەناسێنێ، تێکهەڵکێشبوونی شیعر وەک دەق و عیشق وەک جەستە لە نێو دیمەنی پاریسی سەدەی نۆزدەم کە بۆدلێر یەکێکە لە نمایشکەرانی وێنەی داندی وەک پیاسەکەرێکی ڕاستەقینە لە نێوان ئاگر و پزیسکی خواوەند، بۆ یەکەمجار دەردەکەوێ. ژان دوڤال و شانۆ و شیعر و شار سەرەتایەکی بە پیت و بەرەکەتی دەقگەلێکن کە هەم موژدەبەخشن هەم ئازاربەخش.

سەرچاوە

http://www.lisapoyakama.org/jeanne-duval-la-venus-noire--/haitienne-de-charles-beaudelaire

- شیعرەکان لە «گوڵی خراپە» بۆدلێر، وەرگێڕانی ئەحمەدی مەلا، غەزەلنووس، 2018، وەرگیراون.

ئایا بۆدلێر بە خۆشەویستیی دایکی نەخۆش بوو؟

فیراس حەمییە
لە عەرەبییەوە: ئەژین باجەلان

شارڵ بۆدلێر لەو نامەیەی بۆ دایکی نووسیبووی لە ساڵی ١٨٦٠، دەڵێت: « ڕۆژانی خەمباری و بێوەژنی تۆ، خۆشترین ڕۆژانی من بوون». چونکە کاتێک باوکی کۆچی دوایی کرد دایکی بوو بە هیی خۆی بە تەنها، جا بۆدلێریش بوو بە کوڕە نازدار و تاقانەکەی دایکی کە هەموو داواکارییەکانی جێبەجێ دەکرا. بۆشی زیاد دەکات :» حەزێکی پێشوەختەم بۆ ئافرەت هەیە، هەر زوو بۆنی فەروو لەگەڵ بۆنی ئافرەت لە لووتمدا تێکەڵبوون، بیرمە کە من دایکم لەبەر جوان پۆشییەکی خۆش دەویست، عاشقێکی پێشوەخت بووم». لە یەکێکیش لە نامەکانی بۆ دایکی ئەوەی ئاشکرا کرد:›› من بەم شێوەیە تۆم خۆش دەوێت، بەم فرمێسکانەوە». لە شوێنێکی تریش دەڵێت:›› خوایە گیان لەبەر دایکم سزام مەدە، دایکیشم لەبەر من سزا مەدە».

هەرچەندە ئەو نوێژی دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو تاوانێکی ئەنجام دەدا، وەکو؛ دزیکردن و فێڵکردن، هەورەها لە ناخی خۆیدا هێزی چاکە و خراپە و شەهوەت و تەسەوف دەجەنگان. بۆیە دەبینین ئەم شتانە لە شیعرەکانیدا دیارە، لەگەڵ بیرکردنەوەی بە وێرانکردن و خوێن و مردن و فەنابوون و خەمگینی. لە نووسینەکانی بۆدلێر سەرنجی دوو خواستی دژ بە یەک دەدەین؛ خۆشەویستیی پاکیزەیی و مەیلی خراپەکاری، لە نێوان خۆشەویستی پاکیزەیی و خۆشەویستی سێکسی، لە نێوان چێژ و ئازار، بۆیە دەبینین ئەدەبی بۆدلێر وەکو ئاوێنەیەکی ڕاستگۆییە بۆ ئازارەکانی گیان و ناخۆشییەکانی ژیان، کەوایە ئایا ئەو لە ناوەوەی خۆی سزای خۆی دەدا یان هیی دایکی؟!

ئیبراهیم ناجی ئەم جۆرە خۆشەویستییە بە گرێی ئۆدیب لە دەروونناسی دەشوبهێنێ. چونکە گرێی ئۆدیب دوو ڕووی هەیە؛ خۆشەویستیی دایک و ڕق لە باوک، بەرەبەرکاری بۆ بردنەوەی دایک. بە بۆچوونی ئەو هەموو منداڵێک دایکی خۆی خۆش دەوێت، بەڵام دەبێت منداڵیش ببڕێتەوە وەکو چۆن لە شیر دەبڕێتەوە، گەر ئەمەش شتێک ڕێگەی لێ گرت، ئەو کات شتێک ڕوو دەدات کە بە هەڵگەڕان یان شکستهێنان ناودەبرێت و دەیانگەڕێنێتەوە بۆ قۆناغەکانی منداڵی، ئەمیش بە لادانی سێکسی کۆتایی دێت.

مرۆڤ بوونەوەرێکی تاک نییە، بەڵکو بوونەوەرێکی سێ پەلە لە منداڵ و دایک و باوک پێکدێت. هەر کیشمەکێشێش لە نێوان ئەو دایک و باوکە کاریگەریی خۆی دەبێت بە سەر منداڵەکەدا، پاشان دەبێت بە شتێکی جێگیر و بەجێی ناهێڵێت، دەبێت بە بەشێک لە ئەو. بەم شێوەیە بۆدلێر قۆناغەکانی منداڵی بەرۆکی بەرنەدەدا، وای لێ دەکرد لەو ئازارە ڕزگاری بێت، بۆیە ئەویش ناچارانە پەنای دەبردە بەر تۆبەکردن و پەشیمانبوونەوە و سزادانی خۆی بۆ ئەوەی لەو ئازارە هەڵبێت، تەنانەت گەر ئازاریش نەبووایە خۆی دروستی دەکرد بۆ ئەوەی ناخە ماندووەکەی ئارام بکات.

چەندین نزای نووسیەوە، کە لە ڕێگەیانەوە لە خودای خۆی دەپاڕاییەوە و دەیگوت:»ئەی ئەو کەسەی وەکو دەرمانێک بۆ هەڵەکانمان ئازارمان پێدەبەخشیت. ئەویش تەنها شتە بۆ خۆشبەختییەکانی خواوەند نەفسەکانی پێ بەهێزبکرێت. ئازار؛ ئەو شکۆیەیە کە نە ئاگر نە خۆڵ ناتوانن قووتی بدەن. بۆیە دەبێت من بەردەوام ئەو ئازارەم بەربکەوێت بۆ ئەوەی تاجی بلییمەتی وەدەست بهێنم».

بۆدلێر دایکی خۆی خۆش دەویست و دەیویست هیی خۆی بە تەنها بێت، نکۆڵی لە بوونی باوکی خۆی دەکرد، هەروەها نکۆڵی لە بوونی هەر پەیوەندییەکی نێوان ئەو دووانەی دەکرد. بۆیە دەبوو ئەو شتانەی ڕەتی دەکردەوە بە شتی تر قەرەبوو بکاتەوە. وەکو بیرکردنەوەی قوڵ و هەست بە ئازار و مەینەتی بۆ ئەوەی گرنگی دایکی وەدەستبهێنێت و باوکی ببەزێنێت. بە بۆچوونی بۆدلێر خۆشەویستی شتێکی پووچ و هەڵخەڵەتێنەرە بۆیە دەڵێت:» من پێم وایە هەموو خۆشییەکانی خۆشەویستی لە کردنی کاری خراپەدایە، ژن و پیاو هەر لە سەرەتایی دروستبوونیانەوە ئەوە دەزانن کە چێژ لە کردنی کارە نابەجێکانە، خۆشەویستیش لە ڕوانگەی منەوە وەکو

ئەشکەنجەدان وایە، یان وەکو نەشتەگەرییەک، چونکە کاتێک دوو خۆشەویست لە باوەشێک یەکدەگرن، یەکێکیان هەر برین ساز دەبێت».

کارۆلینی دایکی سەرقاڵی خۆشەویستی ئەو بوو، تەنانەت لە ماریی بەخێوکەری غیرەی لێدەکرد، بۆدلێریش بە هەمان شێوە ئەوی خۆشدەویست. لە تەمەنی شەش ساڵان باوکی بۆدلێر کۆچی دوایی کرد. دوای ئەوەی دایکی هاوسەگیری لەگەڵ ژنراڵ ئۆبیک کرد، ئەم هاوسەرگیرییەش بوو بە تیرێکی ژەهراوی و بە دڵی شاعیرەکەمانەوە نرا، بۆدلێر ئەمەی بە خیانەت دادەنا. غیرەی دەکرد کە دەیبینی یەکێکی تر هاوبەشی خۆشەویستیی ئەو بۆ دایکی دەکات. زۆر جاریش بە ئەنقەست ئۆبیکی تووڕە دەکرد بۆ ئەوەی سزای بەربکەوێت، چەندین وردە شەڕ لە نێوان ئەو دووانە ڕوویدەدا، بۆدلێر لە بەرامبەر خەڵک سووکایەتی بە مێردەکەی دایکی دەکرد، بۆ ئەوەی نوقسانییەکەی خۆی پڕبکاتەوە. فڕانسوا بۆرچێ لە کتێبی (ژیانی خەمگینی بۆدلێر) دەڵێت کە شارڵ لە باوکی خۆی تووڕە بووە، کاتێک گوێی لێ بووە مامە بچوکەکەی کارۆلینی دایکی بە (دایکە) بانگ دەکات.

ڕاوبۆچوونی بۆدلێر بەرامبەر بە دایکی کاتێک هاوسەرگیری لە ژنراڵ ئۆبیک کرد ئەمە بوو:» هەندێک ئافرەت وەکو مل پێچ و دەستکێشی لیجرۆن دونێڵن، مرۆڤ نایەوێت دەستیان پێوە بدات، چونکە چەندین کەس پێشتر پیسیان کردوون، بۆیە من پانتۆڵی پیاوێکی پیس لەپێ ناکەم. خراپترین شت لە خۆشەویستیدا ئەوەیە؛ تاوانێکە دوو کەس تێیدا بەشدار دەبن. خۆشەویستییش وەکو هەموو بابەتەکانی تر هەڵەتێگەیشتنێک تێیدا ڕوودەدات. لە کاتێکدا پیاوەکە دەڵێت؛ فریشتەکەم. ژنەکەش بڵێت؛ دایکەکەم. ئەم دوو گەمژەیە وا تێدەگەن کە لەگەڵ یەک گونجاون، کەچی لە ڕاستیدا بۆشاییەکی گەورەیان لەنێواندایە».

بۆدلێر بە دەستی گرێی ئۆدیب دەیناڵاند، خۆشەویستی بۆ دایکی لە لایەك، رقیشی لە باوکی لە لایەکی ترەوە. بۆیە هەستی بە تاوان و پەشیمانی و خۆشەویستییەکی زۆر و نوقسانی دەکرد

بۆدلێر بە دەستی گرێی ئۆدیب دەیناڵاند، خۆشەویستی بۆ دایکی لە لایەک، ڕقیشی لە باوکی لە لایەکی ترەوە. بۆیە هەستی بە تاوان و پەشیمانی و خۆشەویستییەکی زۆر و نوقسانی دەکرد. لە ئەنجامدا بە دوای سزایەک دەگەڕا بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئازارەوە ڕزگاری بێت. بارودۆخی تووشبوو بە گرێی ئۆدیب پڕە لە کێشمەکێش، چونکە نەخۆش هەستێکی پێچەوانەی بۆ باوکی دەبێت، گەر هاتوو باوک لە ڕووناکی دەژیا ئەوە کوڕەکەی لە تاریکی دەژێت، گەر باوک ژیانێکی جێگیر بژێت ئەوە کوڕەکە بە پێچەوانەوە لە بارێکی ناجێگیر دەبێت. بەم شێوەیە دەبینین بۆدلێر لە خوێندن سەرکەوتوو نابێت، لە ژیانێکی ناجێگیر دەبێت، تەندروستیی خراپ دەبێت. هەرچەندە ئەو زۆر بە دوای چێژی سێکسییەوە بوو، بەڵام بە خراپترین و ناشرینترین وەسف ناوی دەبرد.

لێرەش ڕاوبۆچوونی ئەوە دەربارەی ئافرەت و سێکس، بە شێوەیەک لە بۆشاییەکی قووڵ لەنێوان خۆی و ئافرەت و سێکس دروست

دەکات. بۆیە وای لێ دەکات پەنابەرێتە بەر لەشفرۆشەکان، بەڵکو لەوێ دایکێک بدۆزێتەوە سۆزی پێبدات. هەروەها دەڵێت:» دەبێت مرۆڤ لەو کەسە بدات کە خۆشی دەوێت. تاکو بچمە قوواڵایی هونەرەوە، لە سێکس دوورەدەکەومەوە، بەو شێوەیەش دووری نێوان خود و ئەو دڕندەیە زیاتردەبێت. ئەو دڕندەیە باش سێکس دەکات، سێکسیش سروودی میللەتە. سێکس واتای ئەوەیە کەسێک بچێتە نێو کەسێکی ترەوە، بەڵام هونەرمەند لە خودی خۆی هەرگیز دەرناچێت››.

ئەمیش لە نووسینە ڕەشبینەکانی ڕەنگی دواتەوە کە باس لە سێکس و ژن و خۆشەویستی و جوانی دەکەن. ئەدۆلس هکسلی بە (شەیتانی بڕوادار) ناوی دەبات، هەروەها پێشیان دەوت (ئەو شاعیرەی شەیتان سواریبوو). لە پێناسەی ئەو بۆ جوان دەڵێت:» لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی جوانی؛ تابەتمەندیی شاردنەوەیە، یەکێکی تریش؛ بەدبەختییە. نکۆڵی لەوە ناکەم کە دڵخۆشیش دەکرێت لەگەڵ جوانی کۆببێتەوە، بەڵام جوانییەکی بێنرخ دەبێت. لەکاتێکدا مەینەتی و خەم دوو دۆستی مەزنن. بە جۆرێک ناتوانم جوانی بهێنمە پێش چاوم بێ ئەوەی خەمی لە دواوە بێت. لەسەر ئەمەشدا مەمبوورن گەر بەنرخترین جۆرەکانی جوانی پیاوانە لە شەیتان بێت، وەکو چۆن میلتۆن وێنایی کردووە».

لە سەردەمی گەنجێتی بۆدلێر ژیانێکی پڕ لە خراپەکاری هەبوو، پارەیەکی زۆری بە هەدەردا، (سان ڕۆڤال)ی خۆشدەویست و نیوە سەروەتەکەی لەسەر ئەو خەرج کرد. پاشان دڵی چوو لە خاتوو (ماری دوبرین) بە شێوەیەکی پاکیزەیی خۆشی دەویست. بۆرچێ لە یادەوەرییەکانیدا دەڵێت:»

بۆدلێر لە ڕووی سێکسەوە بێهێز بوو، لەگەڵ خراپترین ئافرەت نەبووایە، نەیدەتوانی پیاوەتی خۆی دەرخات». ئیبراهیم ناجیش دەڵێت؛ بۆدلێر بە دوای ئافرەتێکی بەدبەخت و خراپەکار دەگەڕا، هەردووکیان بەدبەختی کۆیان بکاتەوە، لەو کاتە پێی خۆش دەبێت بگرێت، گریانێکی منداڵانە، ئەم لەسەر سنگی ئەو.

چیرۆکی بۆدلێر لەگەڵ ئەو ئافرەتە بەناوبانگەی پاریس کە ناوی مەدام (سەباتییە) بوو ئەوە ڕوون دەکاتەوە، چونکە بۆدلێر بەردەوام گوڵی و شیعری بۆ دەنارد، تەنانەت ئیلهامی شیعرە پاکەکانی لەو وەردەگرت. کاتێک ئەم خاتوونە درکی بەوە کرد کە بۆدلێر خاوەنی کتێبی (گوڵە خراپەکان) ە، یەکسەر ناردی بە شوێنییە بۆ

بۆدلێر لە ساڵی ١٨٢١ لە دایک بوو. باوکی ناوی (فرانسوا)یە، دایکیشی (کارۆلین). باوکی بۆدلێر تەمەنی ٦٢ ساڵ بوو کاتێک بۆدلێر لە دایک بوو، دایکیشی ٢٨ ساڵ. لە تەمەنی ٦ ساڵانی بۆدلێر، باوکی کۆچی دوایی کرد. دوای ساڵێک دایکی هاوسەرگیریی لەگەڵ ژنراڵ ئۆبیک کرد. وا دیارە بۆدلێر لەبەر ئەو هاوسەرگیرییە هەرگیز لە دایکی خۆش نەبوو. ئەم قینەی لە دڵ هەڵگرت، بۆیە لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ژنراڵ ئۆبیک ئەو قینە دیاربوو.

لە ساڵی ١٨٥٧ بۆدلێر پەرتووکە شیعری (گوڵە خراپەکان) بڵاوکردەوە، ئەم پەرتووکە هەرایەکی گەورەی لە ناوەندە ئەدەبییەکان نایەوە، چەندین شیعری لێ دەرکرا، وەکو شیعری (ژنە نەفرەتییەکان). لە کۆتاییەکانی ژیانی دەستی کرد بە وەگرتنی مادده هۆشبەرەکان، کە زمانی تووشی ئیفلیجی کرد و باری تەندروستی تێکدا. بە شێوەیەک دوا دوو ساڵی تەمەنی لە نەخۆشخانەکانی بڕۆکسل بە سەربرد، تاکو لە دواییدا لە ساڵی ١٨٦٧ لە پاریس کۆچی دوایی کرد.



ئەوەی خۆی و جەستەی پێشکەش بکات. بەڵام کاتێک بۆدلێر بەخشندەیی ئەو خاتوونەی ڕەت کردەوە، خانم تووڕەبوو و شکۆی شکا، لە کاتێکدا بۆدلێر بۆی نووسی :»تۆ لە چاوی من خواوەندێک بوویت، بەڵام ئێستا لە ئافرەتێک زیاتر هیچ نیت».

ئەنید ستارکیی نووسەر لەو کتێبەی باسی بۆدلێر دەکات دەڵێت:» ئەو قسەیە زۆر دووبارە کرایەوە لە بارەی ئەوەی بۆدلێر چێژی وەردەگرت کاتێک دەستی لە جلە ئاوریشمەکانی دایکی دەدا، یان لە کاتی بۆنکردنی بۆنەکەی، لەکاتێکدا ئەمە بیانوویەک نییە لەسەر بوونی کێشەیەک لە دەروونی ئەو».

بۆدلێر چۆن بوو بە مەزنترین شاعیری فەرەنسی؟!

هاشم ساڵەح
لە عەرەبییەوە: ژانیار عەلی



بـەم دواییانـە، دوو بڵاوکـراوە تـەواو سـەرنجی خوێنەریـان بـۆ خۆیـان کەمەندکێش‌کردبـوو، کـە تایبـەت بـوون بـە یـادی سـەتوپەنجا سـاڵەی کۆچـی دوایـی بۆدلێـر، ئەوانیـش هـەردوو ڕۆژنامـەی لۆمۆنـد و گۆڤـاری لۆبـوان بـوون. ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانـی فەرەنسـا، هـەر تەنـێ بڵاوکراوەیەکـی ئاسـایی نیـین، بەڵکـوو ڕۆڵـی دامەزراوەیەکـی کاریگەریـی ڕووناکبیـری و هزریـی، بگـرە هەندێـک جاریـش ئایینیـی؛ دەگێـڕن! هۆکاریـش ئەوەیـە؛ سیاسـەت بەتەنهـا ناتوانێـت ئـەو ڕۆڵـە کاریگـەرە لـە ڕۆشـنبیرکردنی خەڵـک بگێڕێـت، سیاسـەت بەبـێ ڕووناکبیریـی هیچـە، بگـرە گاڵتەجاڕییـە. ژاک شـیراک، زۆر چـاک لەمـە تێگەییشـتووە و گوتوویەتـی؛

«ئێمـەی سـەرەک کۆمـاران، بەپێچەوانـەی نووسـەر، شـاعیر و بیرمەنـدان، هـەر زوو لـە بیـر دەچینـەوە. پـاش بیسـت سـاڵان، ناومـان لـە ناوانـدا نامێنێـت، بـەڵام نـاوی شـارل دیگـۆل، هـەر بـە تـازە و تەراژیـی دەمێنێتـەوە. بۆچـی؟ چونکـە یەکـەم؛ ئـەو پاڵەوانێکـی مێژوویییـە. دووهەمیـش؛ بـە مانـای وشـە نووسـەرێکی ئاسـتبڵندە. بـۆ دڵنیابوونـەوە لـە قسـەکانم، فەرمـوون یادەوەرییەکانـی بخوێننـەوە. ئـەز لێتـان دەپرسـم؛ لـە سـەردەمی شـارل بۆدلێـر، کـێ نـاوی پادشـای فەرەنسـای دەزانـی؟ ئـەدی لەسـەروەختی ژیانـی ڤیکتـۆر هیوگـۆ، کـەس هەبـوو سـەرەک کۆمـاری فەرەنسـا بناسـێت؟! بـا مـن وەرامتانبدەمـەوە؛ نـاوی گـۆل گریفـی بـوو، ئـادەی ئـەم ناوەتـان بەرگـوێ کەوتـووە؟! بـەڵام باسـی ناپۆلیـۆن ناکـەم، ئـەو لـەم باسـە بـەدەرە، چـون پاڵەوانێکـی مێژوویـی گرنگـە و نـاوی هـەر دەمێنێتـەوە. تەنانـەت دۆنالـد ترامـپ، لـە دوا سـەردانیدا بـۆ فەرەنسـا، هیچـی نەویسـت، تەنـێ سـەردانی گڵکۆکـەی نەبێـت لـە ئانفالیـد. تەنانـەت هێگڵـیش، ڕۆحـی مێـژوو و گۆڕانکارییەکانـی لـەو پیـاوەدا بـە دی دەکـرد. کەواتـە هەندێـک پاڵەوانـی مێـژوو هـەن، لەڕێگـەی جەنـگ و شۆڕشـەوە، بەکردەیـی شـێعریان نووسـیوە، هەندێـک شـاعیریش هـەن، دەقگەلێکـی نەمـری وایـان نووسـیوە، زەمـەن گـوزەر دەکات و ئـەوان هـەر لـە دڵـی خوێنـەردا دەمێننـەوە. کـێ دەتوانێـت بیرەوەریـی (ئەودیـو گۆڕ)ـی شـاتوبریان، ڕۆمانـی (سـوور و ڕەش)ـی سـتاندالّ، (کۆمێدیـای مرۆیی)ـی بەلـزاک لەبیـر بـکات؟! ئـەدی کـێ هەیـە (دۆن کیخۆتـێ) و دەقـە نەمرەکانـی شکسـپیری بیربچێتـەوە؟! هـەر بۆیـە؛ زۆرێـک لـە سـەرۆک و سـەرداری وەڵاتـان، ئیرەیـی بـە شـاعیر و نووسـەران دەبـەن، نـەک بەپێچەوانـەوە. ئاخـر نووسـەران نەمـر و، سیاسـییەکان ڕاگـوزەرن!».

ڕێـڕەوی باسـەکە دەگرمەوەبـەر؛ وەک وتـم، بـەم دواییانـە بۆدلێـر لەلایـەن بڵاوکراوەکانـی فەرەنسـاوە گرنگیـی زۆری پێـدرا و گەلێـک ئێوارەکـۆڕ و مەراسـیم، لـە یـادی سـەتوپەنجا سـاڵەی کۆچـی دواییـدا سـازکران. لێـرەدا ناتوانـم لەسـەر هەمـوو شـتێکی بۆدلێـر بدوێـم، چونکـە وتـاری زیاتـر و، بگـرە کتێـب و زنجیرەکتێبـی پێویسـتە. بـەڵام لێگەڕێـن بپرسـین؛ بۆدلێـر، کـە هەرچەنـد بەکڵۆڵیـی و چەرمەسـەریی ژیـا، چـۆن بوویـە مەزنتریـن شـاعیری فەرەنسـیی؟! بـا سـەرەتای قسـەکانمان، لـە ئەوانـەوە دەسـت پـێ بکەیـن، کـە لـە ئێمـە باشـتر بۆدلێـر دەناسـن،

یەک لەوانەش؛ پرۆفیسۆر ئەنتۆن کۆمبانیۆنە، پرۆفیسۆری ئەدەبیاتی فەرەنسیی لە زانکۆی کۆلێژ دوی فرانس، کە لە ڕیزبەندیی زانکۆکانی فەرەنسادا، لە پێش سۆربۆنەوە دێت. ئەو دەربارەی بۆدلێر، شتێکی وا دەڵێت « ئەگەر ئەمڕۆکە بۆدلێر، سەرمەشقی شاعیرانی فەرەنسا بێت، ئەوا لەپێشوودا وانەبووە. جاران ڤیکتۆر هیوگۆ، لە شیعر و پەخشاندا، پادشای ئەدەبیاتی فەرەنسیی بوو. هەتا لە ژیانیشدا مابوو، کەس نەبوو بۆدلێر بناسێت. نێزی سەدەیەکی خایاند، هەتا شانبەشانی ڕامبۆ، خوێنەر بە بۆدلێر ئاشنابوو. «.

دەیشڵێت؛

«بۆدلێر بەدەست گەلێک ئازاری ناخییەوە دەینااڵند، هەر ئەم ئازارانەش، بوونە هەوێنی باشترین دەقەکانی. ئەگەر ڕەخنەگران کتێبی شیعریی (گوڵی خراپە)، بە دوا بەرهەمی ڕۆمانسیزمی ئەدەبیاتی فەرەنسیی بزانن، ئەوا دەقە پەخشانەکانی، مۆرکێکی دیکەیان وەرگرت و بوونە سەرەتایەکی نوێ و بەهێز لە مێژووی شیعری فەرەنسیی!». لە ڕۆژنامەی لۆمۆند، دیمانەیەک لەگەڵ پرۆفیسۆر ئاندرێ گیوێو، گەورەمێژوونناسی ئەدەبیاتی فەرەنسیی، هەمبەر بۆدلێر سازکراوە. تێزی پرۆفیسۆرییەکەی ئەو، لەمەڕ مێژووی سەتەی نۆزدەی ئەدەبیاتی فەرەنسییە. واتا ئەو سەتەیەی؛ کە بۆدلێر، ڕامبۆ، فێرلین، مالارمێ و گەورەئەدیبەکانی دیکە ژیاون. لە یەکێک لە پرسیارەکان، لێی دەپرسن؛ ڕووداوە کاریگەرەکانی ژیانی بۆدلێر چیین؟ ئەویش وەڵامدەداتەوە؛

«بەبڕوای من، سێ ڕووداو هەبوون، تەواو کاریگەریی و جێپەنجەیان بەسەر ژیانی بۆدلێر جێهێشتووە. یەکەم/ هاوسەرگیرییکردنی دایکی بوو، پاش ماوەیەکی کەم لە مەرگی باوکی، کە هێشتا بۆدلێر تەمەنی شەش ساڵان بوو. ئەم بوویەرە تەواو هەرەسی پێهێنا. بۆدلێر منداڵ بوو، ناز و خۆشەویستیی دایکی تەنێ بۆ ئەو بوو، لەپڕ نامۆیەک دەخزێتە ژیانییەوە و دایکی لێ دەستێنێت! لەو دەمەوە، برینێکی سایکۆلۆژیی، یاخود کەلێنێکی ئۆنتۆلۆژیی، لە ناخی بۆدلێردا گڕئاسا، هەڵاییسا و کڵپەی دەهات. ئەوە یەکەم ئەزموونی سەختی ئەو بوو کە پێیدا تێپەڕی. لەمەوە بۆی دەرکەوت؛ لەم جیهانە پانوبەرینە، لەپاڵ چاکە و کاری باش، خراپەش هەیە؛ بگرە ڕەگی وا لە قوڵاییی جیهان و هێدیهێدی پەلدەهاوێت! بۆدلێر هەتا دەمی گیانلەدەستدانی، ئازاری ئەو زەبرە کوشندەیەی بیرنەچووەوە. هەر جارێک بەو ئازارەوە دەتلایەوە، سەرکۆنەی دایکی دەکرد و گڕی تووڕەبوونی دەزا، بەتەواوی بەخۆنازینەوە دەیوت؛ «هەر دایکێک کوڕێکی وەک منی هەبێت، نابێت هاوسەرگیریی بکاتەوە!»

بۆدلێر بەدەست گەلێك ئازاری ناخییەوە دەینااڵند، هەر ئەم ئازارانەش، بوونە هەوێنی باشترین دەقەکانی

بە بڕوای پرۆفیسۆر گیوێو.

دووەم/ هۆکار کە کاریگەریی لەسەر بۆدلێر دانا؛ دادگاییکردنی بوو لەسەر دەفتەرە شیعری (گوڵی خراپە). داوەرانی فەرەنسا، نەک

هـەر تەنـێ سـزای مادییـان دا، بگـرە تانەیـان لێـدا و بەردیـان هاویشـتە شووشـەی شـکۆی؛ گوایـە دژی ئایینـی مەسـیحیی و ئـاکاری پـاک و بێگـەرد دواوە! هیـچ کەسـێک زاتـی نەکـرد لایەنگـری بێـت و پشـتگیریی بـکات، گۆسـتاڤ فلۆبێـر نەبێـت؛ کـە خۆیشـی مارانگەسـتە بـوو و بەهەمـان ئەزموونـی سـەختدا تێپەڕیـوو، ئاخـر ئەویـش لەسـەر ڕۆمانـی (مـەدام بۆڤـاری) دادگاییکـرا. بـەڵام چـووە هانـای بۆدلێرەوە، لـە سـزای قـورس و پشـت شـووڵی زینـدان قوتاریکـرد. جـا بڕوانـنە زەمانـە؛ هەنووکـە دیوانەشـیعرەکەی بۆدلێـر و ڕۆمانەکـەی فلۆبێـر، لـە باشـترین دەقەکانـی ئەدەبیاتـی فەڕەنسـیین، بگـرە خزانـە نێـو خوێندنگـە و زانکـۆکان و، کرانـە پێـڕەو. ئـەو فەڕەنسـایەی وەختایـەک ئـەو دوو زاتـەی بـەر زەبـری ڕەخنـە و توانـج دەدا، ئەمڕۆکـە بەبەرچـاوی هەمـوو جیهانـەوە، شـانازییان پێـوە دەکات! ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت؛ ئـەو دەقانـەی ڕچەشـکێنن، لەپێـش زەمەنـی خۆیانـەوەن و پاشـی چەنـدان سـاڵ، خوێنـەر قەدریـان دەزانێـت.

سـێهەم/ ڕووداو کـە تـەواو بۆدلێـری شیتەڵشـیتەڵ کـرد، هێشـتاکە لـە هەڕەتـی لاوێنیـی بـوو، تووشـی نەخۆشـیی (سـیفلس)* بـوو. ئـەم نەخۆشـییە وەک ئایدزێـی ئێسـتا؛ وەختـی خـۆی چ چـارە و تیمارێکـی نەبـوو، هەرکـە نـاوی ئـەم نەخۆشـییەت هێنابـا، گورجـێ خەڵـک سـڵی لـێ دەکـردەوە هەترەشـی لـێ دەچـوو!

بـا ئێسـتەیش بزانیـن، گەورەئەدیـب و لێکۆڵـەران، چییـان لەمـەڕ بۆدلێـر وتـووە؟ ڕەخنەگـری بەنێوبانـگ؛ سـانت بیـف، لـە نامەیەکیـدا بـۆ خـودی بۆدلێـر، دەنووسـێت؛ « کوڕیژگـەی خـۆم، زۆرت دەرد و ئـازار لـەم دونیایـە چەشـت. بـە دەسـتی خـۆت، دۆزەخێکـت بـۆ خـۆت سـازاند و، هـەر خۆتیـش بوویـە ئەهریمـەن. دەتویسـت نهێنیـی بـوون، لـە پێمێلـک و جنۆکانـەوە وەربگریـت، داهێنەرانـە و سەیروسـەمەر، توانیـت بیکەیـت!». جـۆرج بۆمبیـدۆ، کـە دوای شـارل دیگـۆل بـووە سـەرەک کۆمـاری فەڕەنسـا، زۆر شـەیدای شـیعر بـوو و، لـە کـۆڕ و کۆنگـرە ڕۆژنامەوانییەکانیـدا، بـەردەوام شـیعر و ڕسـتەی شـیعریی دەوتـەوە، لەسـەر بۆدلێـر دێتەگـۆ؟» گەلێـک باسـی بۆدلێـری مەسـیحیی، یـان پەیوەندیـی ئـەو بـە ئایینـەوە، کـراوە. بـەڵام مـن ڕام وایـە؛ ئایین بـۆ ئـەو، هـەم پێویسـت و هەمیـش ناپێویسـت بـووە. نـە دەیتوانـی دەسـتبەرداری بێـت، نـە دەیشـیتوانی لێـی نزیکببێتـەوە!».

شاعیری مەزن؛ پۆڵ ڤالێری، دێتە ئاخافتن؛

«گرنگیـی بۆدلێـر، لـە زمانـە شـیعرییە چرەکەیدایـە. خوێنـەران سەرزەنشـتیانکرد، گوایـە بەرهەمـی کەمـی لـەدووی خـۆی بەجێهێشـت، بـەڵام تێنگەییشـتن، لـەوەی شـیعری چـاک، بـە چەندێتیـی نییـە، بـە چۆنێتییـە!».

پۆل بۆرژێـیش ئاواهی لەسەر بۆدلێر دوا؛

«ئـەم مرۆڤـە باڵایـە، لـە هەناویـدا شـتگەلێکی نهێنیـی و سـەیر خۆیـان مـەڵاس‌داوە، تەنانـەت هـاوڕێ زۆر نزیکەکانیشـی، نەیاندەتوانـی لـەو نهێنییـە تێبگـەن؛ ئەمـە هـەم دەیترسـاندن، هەمیـش کەڵکیـان لـێ وەردەگـرت!».

پەراوێزەکان:

•(سـیفلس)، نـاوی نەخۆشـییەکی کوشـندەیە، یەکێکـە لـە نەخۆشـییە توخمییـە گـوازراوەکان و، باوتریـن ڕێگـەی گواسـتنەوەی؛ پەیوەندیـی سـێکسییە. هـۆکاری نەخۆشـییەکە، بەکتریایەکـی شـێوە لوولپێچییـە. کەسـی هەڵگـری ئـەم نەخۆشـییە، بـە سـێ قۆناغـدا تێدەپەڕێـت و لـە هـەر یەکێکیانـدا، ڕوویەکـی دیکـەی نەخۆشـییەکە دەردەکـەون. لـە سـەرەتاوە، ئاسـتەمە نەخۆشـییەکە لـە کەسـی هەڵگـردا دیاریـی بکرێـت، چونکـە بۆهێڵەکانـی بەکتریـای هـۆکاری نەخۆشـییەکە، لـە بازدانـی بەردەوامـدان و زووزوو شـێوەیان دەگـۆڕن. کەسـی نەخـۆش، پێسـتی تووشـی برینـی سـەخت و هەڵتۆقیـن دێـت، کـە سـەرەتا لـە پەنجەکانییـەوە دەسـتپێدەکەن و، هێدیهێـدی هەمـوو جەسـتەی دەتەنـن. بەپێـی ئامـارە تەندروسـتییەکان، سـاڵانە دوازدە ملیـۆن کـەس، لـە سەرانسـەری دونیـادا دووچـاری ئـەم نەخۆشـییە دەبنـەوە. (وەرگێـڕ).

له بۆدلێرەوە بۆ دایکی:
دەترسم بتکوژم!

نامەی
بۆدلێر

نامەیەکی بۆدلێر بۆ خانمی ئیمپراتۆر

6ی نۆڤەمبەری 1857

لە عەرەبییەوە: ئەژین باجەلان

نامەی یەکەم

لە تەمەنی چل ساڵیدا، لە قوڵی کارکردنی لەسەر بڵاوکردنەوەی کۆپی دووەم لە کتێبی «گۆڵانی خراپە» هەروەها چەند کارێکی تری کە لەو ماوەیە سەرقاڵیان بوو. لە ساڵی 1861 شارڵ بۆدلێر ئەم نامەیە بۆ دایکی دەنووسێت، ئەو دایکەی بە ڕێگە تایبەتییەکەی خۆی زۆری خۆش دەویست، هەرچەندە کێشە و دووریی جوگرافی لە یەکیان جیاکردبووە و نەیهێشتبوو لەگەڵ دایکی بژێت.

6ی مەی 1861

دایکی ئەزیزم،

گەر بەڕاستی گیانی دایکایەتیت تیاییە و ماندوو نیت، وەرە بۆ پاریس، وەرە بۆ ئەوەی بەدوام بگەڕێی و بمبینی. من، لەبەر هەراز هۆکاری ترسێنەر ناتوانم بڕۆم بۆ ئۆنفلۆر (Honfleur)، دەپاڕێمەوە بۆ ئەوەی بە دوای دەگەڕام؛ کەمێک بوێری و سۆز. لە کۆتایی مانگی مارچ، بۆتم نووسی:›› دیسانەوە یەک نابینینەوە»، ئەمیش یەکێکە لەو گیروگرفتانەی تێیدا حەقیقەتی ترسناک دەژین. بەڵام ئێستا، هەرچییەکم لە توانادابێت دەیکەم بۆ ئەوەی چەند ڕۆژێک، هەشت یان سێ ڕۆژێک، تەنانەت گەر چەند کاتژمێرێکش بێت، لە نزیک تۆوە بە سەربەرم. تۆ تەنها بوونەوەری کە ژیانم پێی بەستراوبێتەوە.

هەر جارێک پێنووسەکەم گرت بە دەستەوە بۆ ئەوەی باسی خۆمت بۆ بکەم، دەترسم؛ دەترسم بتکوژم، جەستەی ناسکت وێران بکەم. منیش، من بەردەوام، هەرچۆنێک خۆت دەیزانی، دەمەوێت خۆم بکوژم. پێم وایە منت زۆر خۆش دەوێت، خۆشەویستییەکی کوێرانە، تۆ کارەکتەرێکی بەهێزت هەیە. منیش، منیش هەر لە منداڵیەوە زۆرم خۆشویستووی. بەڵام دواتر، دوای ستەمی تۆ، دەستم کرد بە لەدەستدانی ئەو ڕێزەم بۆت، وەکو ئەوەی ستەمی دایک بە سەر منداڵەکانی ستەمی ئەوان بۆ سەر خۆی دروست دەکات. هەرچەندە منیش، وەکو هەموو جارێک، پاشەکشەم کرد لەو کارە. چیتر ئەو منداڵە دڕندە و سپڵەیە نیم. ڕامانی درێژ یارمەتیدام چۆن بیر بکەمەوە و چۆن لە کارەکتەری تۆ تێ بگەم، درکیش بە هەڵەکانی خۆم بکەم و باشی تۆشم لەبەرچاو بێت. هەرچۆنێک بێت، ئەو ناخۆشییەی لە نێوانمان ڕووی دا، بەهۆی بێ باکی تۆ و هەڵەکانی منەوە بوو.

بەدڵنیاییەوە، وامان بۆ نووسراوە، یەکمان خۆش بوێت. ئەمەکەمان بۆ ئەوەی ترمان بژێت. بە گوێرەی توانا ئەو ژیانەی ماومانە بە ڕاستگۆیی و ئارامی بەسەربەرین. لەگەڵ ئەوەشدا، لەم بارودۆخە ترسناکەی تێیدا دەژیم، گەیشتووم بەو بڕوایەی یەکێکمان ئەوەی ترمان دەکوژێت، لە کۆتاییشدا یەکتر دەکوژین. تۆ ناتوانی لە دوای مردنی من بژیت. من ئەو شتەم کە وام لێکردووی بژیت. دوای مردنیشت، بە تایبەتی ئەگەر بەهۆی شتێکەوە مردیت من هۆکارەکەی ببم، ئەوە منیش بێگومان خۆم دەکوژم. مردنت، کە زۆر جار قسەی لەبارەوە دەکەی، هیچ شتێک لە حاڵی من باش ناکات. کاتێکش ئەنجوومەنی دادگا دادەنیشت، هیچ شتێک لە میراتەکەم نادەنێ! دوای ئەوەش جگەلە ئازار، لە تەنیاییەکی خنکێنەر دەژیم.

ماڵئاوا، من زۆر ماندووم! سەبارەت بە تەندروستیشم، من ئەمە 3 شەوە نەخەوتووم نە نانیشم خواردوە، هەست بە تەنگەنەفەسی دەکەم. دەبێت ئیشیش بکەم!

نا، نەخێر، ناڵێم؛ ماڵئاوا، چونکە دەمەوێت جارێکی تر بتبینم!

ئااە، لەسەرخۆ نامەکە بخوێنەوە و هەوڵ بدە لێم تێ بگەیت.

دەزانم کە ئەم نامەیە ئازارت دەدات، بەڵام بێگومان نەرمی و نیانی تێدا بەدی دەکەی، تەنانەت هیواشی تیاییە، شتانێک بە دەگمەن پێیانم زانیوە!

خۆشم دەوێیت!

ش.ب

نامەی دووەم

لە فەرەنسییەوە: ئەحمەدی مەلا

خانم،

دەبێ شاعیر ئەگەرێکی تەواو لەبەرچاوبگرێ و بوێرێ سەرنجی جەنابی مەعالیتان بۆ حاڵەتێکی بچووکی وەک ئەم حاڵەتەی من ڕابکێشێ. بەدبەختی من لەوەدا بوو کە بە نامێلکە شیعرێک، لە ژێر ناونیشانی « گوڵی خراپە»، تاوانبار کرام، ئەم ڕاشکاوییەی کە لە هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە ترسناکەدا بەخۆم ڕەوا بینی، لە توانایدا نەبوو بمپارێزێ. هەستم کرد کە بەرهەمێکی جوان و مەزنم داهێناوە، بەرهەمێکی ڕوون ؛ کەچی بەوە تاوانبار کرا کە تەومژاوییەو سزای ئەوەیان بەسەردا سەپاندم کە پێداچوونەوەی بۆ بکەم و چەند دەقە شیعرێکی لێ بقرتێنم (شەش دەق لە تێکڕای سەد دەق). دەبێ ئەوەش بڵێم کە دادگا بە شێوەیەکی نەجیبانەی بێوێنە مامەڵەیان لەگەڵم کرد و ئەو دەستەواژانەی کە لە دادگاییکردندا بەکارهاتن، بە تەواوی جەخت لە بێگەردیی نییەتم دەکەن. بەڵام ئەو «غەرامە»یەی کە دەرهەق بەمن بڕاوەتەوە، لە دەرەوەی توانای منداید، بە تەواوی سنووری دەستکورتی شاعیران تێدەپەڕێنێ، لە لایەن چەندین هاوڕێی نەجیبەوە هاندرام و لەهەمان کاتیشدا دوودڵ نەبووم کە دڵی نەرمی خانمی ئیمپراتۆر، بەرەوڕووی میهرەبانیی و هەموو چەشنە مەراییەک دەکرێتەوە، چ ماددیی بن، چ مەعنەوی ؛ دوای دڵەڕاوکێی و شەرمۆکییەک کە دە ڕۆژی خایاند ئینجا زاتی ئەوەم کرد کە قەڵەم هەڵگرم و ئەم نامەیەت بۆ بنووسم و داواکارم کە میهر و بەزەیی خانمی ئیمپراتۆر دەخالەت لە لای بەرێز وەزیری داد، بکا. خانم، ئومێدەوارم، ستاییشی هەست و شعوورم بە هەندە وەربگرن و شەرەفمەند دەبم کە لەلایەن خانمی نەجیبزادەوە بە گوێڕایەڵ و خزمەتکار قبووڵ بکرێم.

شارل بۆدلێر

19، شەقامی ڤۆلتێر

بودلێر

گوڵە بەدیۆمەکان

کەریم دەشتی



لـەم
کتێبـەدا
دەدۆزنـەوە، کـە پەیوەسـتە بـە
سـیحرو زێدەرۆیـی و زۆر لەخۆیـی
و کرێـت گۆیـی، بـەڵام سـادەیی نـا
، ئەگـەر کتێبەکـە سـادە بێـت ئـەوە
سـادەییەکەی بریتییـە لـە دانپیانانـی
شـاعیرێك کـە هەمـوو شـتێ ئـازاری
دەدات، بـەڵام ئـەو هەسـتەکان وا ڕاڤـە
دەکات کـە ڕاڤـەی نیزامـی بێت، وەك خـۆی دەڵێت
هیسـتیریا چێـژو ترسـی تیایـە، دانپیانانـی شـاعیر وا ئاڵـۆز
دەبێـت کـە بەسـەر هەمـوو ڕاشـکاوییکدا زاڵ دەبێـت، لـە
ڕاسـتیدا کتێبـی گـۆڵـە بەدیۆمـەکان لـە ئاسـتی ئەوانەدایـە
کـە چێـژ لـە بودلێـر وەردەگـرن. لەوانەیـە موریـس
سـابێ دەستنیشـانی پایـەی بۆدلێـر بـکات سـەبارەت
بـە جەمـاوەرەوە، کاتـێ دەڵێـت: چێژوەرگرتـن لـە
بۆدلێـر تەنهـا پێویسـتی بـە تەلقیـن و ڕاهاتـن نییـە
و بـەس، بەڵکـوو دەبـێ لـە گـەڵ پێداویسـتی قوونـدا

1

لـە سـاڵی 1821 لـە باریـس لـە شـەقامی هـوت فیـول ژمـارە 13 لـە دایـك دەبێـت، سـاڵی 1849 سەرسـام دەبێـت بـە فاگـنر و دەچێتـە - دیجـون – لـەوێ تووشـی نەخۆشـی سـفلس دەبێـت، لـە تەممـوزی 1851 دوو شـیعر بـە نـاوی سـزای خۆبەگەورەزانـی بـڵاو دەکاتـەوە، لـە سـاڵی 1851 گوتارێـك سـەبارەت بـە خەمـرو حەشـیش بـڵاو دەکاتـەوە، لـە سـاڵی1852 لێکۆڵینەوەیـەك دەربـارەی قوتابخانـەی وەسـەنیەت بـڵاو دەکاتـەوە، لەسـاڵی 1853 دڵـی کەشـفکار ی – بـو – وەردەگێـڕێ و بـڵاوی دەکاتـەوە لـە باریـس، لـە سـاڵی 1854 کارەسـاتێکی لـە پێنـج بەشـدا نووسـییەوە کـە تایبەتـی کردبـوو بـە ئودییـەکان، بـەڵام بـلاو نەکرایـەوە، لـە ئـاداری سـاڵی 1855 هەژدەشـیعری لـە ژێـر ناونیشـانی گوڵـە بەدیۆمـەکان بـڵاو کـردەوە لـە هەشـتی تەممـوزی هەمـان سـاڵ لێکۆڵینەوەیەکـی بـە نـاوی جەوهـەری پێکەنیـن،

لـە سـاڵی 1857 شـەش شـیعر بـە نـاوی شـیعری شـەوانە لـە گۆڤـاری ئێسـتا بـڵاو دەکاتـەوە، لـە سـاڵی 1859 دا لێکۆڵینەوەیـە دەربـارەی ژیانـی دووانەکـی شـارل ئەسـلینۆ بـلاو دەکاتـەوە هەروەهـا لـە 1860حەشیشـەخۆرەکان لەگۆڤـاری هاچـەرخ بـڵاو دەکاتـەوە، دواجـار لـە سـاڵی 1867 سـەعات یانـزەی بەیانـی مااڵوایـی لـە ژیـان دەکات و لـە گۆڕسـتانی مۆنتبارنـاس دەنێـژرێ.

2

لـە سـاڵی 1884 دا موریـس باریـس کـە هێشـتاکە ئەوەنـدە نـاودار نەبـوو بـوو، لـە بـارەی گـۆڵ بەدیۆمەکانـەوە بابەتێکـی نووسـیوەو دەڵێـت: وەختـە ئـەوە بڵێـم کـە کتێبـی گـۆڵـە بەدیۆمـەکان کتێبێکـی سـادەیە و لـە ئاسـتی هەمووانـە، لـە ڕاسـتیدا ئەگـەر تەسـلیم بـەوە بیـن، کـە کتێبێکـی سـادەیە، ئـەوە هەرگیـز تەسـلیم بـەوە نابیـن کـە لـە ئاسـتی هەموواندایـە، چەنـد کـەس هەیـە کـە جگـە لـە گـۆڵـە بەدیۆمـەکان شـتێکی تـر لـە بـارەی بۆدلێـرەوە بزانێـت؟ هەمـوو ئەوانـە تاوەکـو ئێسـتاش شـتی تـازە

ڕێبکەوێ کە بەزینی بۆ نییە، هەروەها وەك پێداویستییەکی لە رادەبەدەر و موجازەفەش ڕاقە ناکرێ، خۆ ئەگەر ئەو پێداویستییە نەبێت ئەوە هیچ شتێ نییە پڕی ناکاتەوە، مێژووی گوڵە بەدیۆمەکان نموونەیەکە کە ئەو کورتە باسە ساغ دەکاتەوە، هەموو ئەوانەی کە هاوچاخی بۆدلێر بوون، لە بۆچوونەکانی خۆیان هەڵەیان کردووە سەبارەت بە شێوەی نووسین و بایەخەکانی نووسین، نە تیوفیل گوتێ و نە سانت بۆف دەرکیان بەوە نەکردووە کە بەم کتێبە، کە پڕە لە بڕووسك و هەورەتریشقە، شیعری فەرەنسی بەهێزترینی شاعیرەکانی خۆی دۆزیوەتەوە، کە لە هەموویان بە ئازارترو بە هەست تربووە، بێگومان ئاگایان لە ڕەنگاو ڕەنگی گوڵەکان بووە، بەڵام هەرگیز بۆنیان نەکردووە، نەیەکەمیان و نەدووەمیشیان گەمژەڵ نەبووینە، بەڵام جۆرێك لە ڕەزاگرنیان بەرامبەر بە بۆدلێر نووانەوە، سەرەڕای زانست و کارامەییان، بەڵام لە نووسەرە تازە دەستپێکردووەکانیش کەمتر، لە نهێنییەکانی شیعری بۆدلێر گەیشتوون، ئامادەیی ئەویان تیا نەبووە چێژ لە گوڵە بەدیۆمەکانی بۆدلێر وەرگرن. هەروەها کەمتریش لە سۆنبێرن و مالارمێ و فرلین کە بەدەستێکی بەتاڵ و بەدڵێکی گەرموگوڕ کەوتوونەتە سەر شیعرەکانی بۆدلێر.

بەکورتی بۆدلێر لەم کورتە نووسینەدا ڕەخنە لە هاوچاخەکانی خۆی دەکرێت کە نەیانتوانیوە لە شیعرەکانی کتێبی گوڵە بەدیۆمەکان بگەن و جۆرێك لە دژایەتیکردنیان بۆ ئەمە هەڵبژاردووە. هەر بەم بۆنەیەوە، جارێکیان لە شۆنێکم خوێندەوە وابزانم یادەوەرییەکانی دیلاکروای هونەرمەند بوو پاکم لەبیر نەماوە، نووسیویەتی جارێکیان بۆدلێر داوای لێم کرد کە گەنجێ هەیە هەمیشە بەدواوەیەتی زۆر چیڕە دەکات و بێزاری کردووە بەڵکو وابکەم لە کۆڵی بێتەوە، هەڵبەت ئەو گەنجە مالارمێ بوو، کە شەیدای بودلێر بووە، هەروەها بۆدلێرو شکسپیر لە شتێکەوە وەك یەك وا بووینە سەبارەت بە مامڵەتی خراپی دایکیان و هەموو ئە جۆرە ژیانەی کە ئەو دوو نووسەرە گەورەیە بەڕێیان کرد کە ژیانێکی گوماناوی و پڕ لە نەخۆشییەکانی سایکۆلۆژی بوو ، لە ئەنجامی خراپی دایکیانەوە بووە

3

ئەو ئابڕووتاشییەی کە لە ساڵی 1875 دا ئەو کتێبە وروژاندی، ئەو سەرکەوتنەی کە پاشان بە دەستی هێنا، هەر ئەوە بوو کە بەهای بۆدلێری بەدەرخست، خۆشی هۆکاری ئەو بەدیارخستنە بوو، هەر

ئـەو بـوو کـە ڕایگەیانـد هونەرمەنـد هەرگیـز ناتوانـێ کارێکـی پتـەو بـکات ئەگـەر نەتوانـێ سەرسـامی بوروژێنـێ، شـانازی بـەوە دەکـرد کـە ئـەو تەنهـا ناونیشـانی ئالـۆزو تیـژی خۆشـدەوێ بـۆ کتێبەکانـی.
بودلێـر سـەبارەت بـە کتێبـی گوڵـە بەدیۆمـەکان دەڵێـت: ئـەوەی بمناسـێ کەشـفم دەکات، بـەڵام ئەوانـەی ناتونـن یاخـود نایانـەوێ لەمـن بگـەن، ئـەوە کارێکـی بێهوودەییـە کـە بۆیـان ڕوون بکەمـەوە، هەروەهـا نووسـیویەتی جارێکیـان شـاعیرێکی گـەورە پێـی گوتـم کـە ئـەو کتێبـە دەبێتـە مـۆری نەفرەتـی بەسـەر لاپـەڕەی ژیانتـەوە، بـەڵام ئـەوە خـووی منـە کـە دلخـۆش دەبـم بـە ڕق و قیـن و شـانازی بـە ڕقلێبوونەوەیـان دەکـەم ، ئەوانـە خەمبـارم ناکـەن کـە مـن لـە کاغـەز پاکـترم و لـە ئـاو زاهیـد تـرم .

چەند شیعرێکی دیوانی گوڵە بەدیۆمەکان

دوژمن

گەنجێتیی من شتێ نەبووە، جگە لە ڕەشە گێژەنێ
لێرەو لەوێ هەندێ خۆرەتاوی درەشاوەی پێدا چووە
باران و هەورەتریشقە بێستانی منیان شێلاوە
جگە لە کەم بەرهەمێکی زێڕین هیچیان تیا نەهێشتۆتەوە
سەیر بکە ئەوە بیرۆکەکانم وا گەیشتنە پاییز
خۆ دەبێ بێڵ و پاچ بەکار بهێنم
کێ دەزانێ ئاخۆ ئەو گوڵە تازانەی
من خەونم پێیانەوە دەبینی
ئەو خۆراکە لەناو ئەو خۆڵە شۆردراوەدا دەدۆزنەوە
کە چالاکییان تیا زیندوو دەکاتەوە
ئەی ئێش و ئازار، زەمەن ژیان تووشی بەڵا دەکات
دوژمنی نادیاریش دڵمان هەنجن هەنجن دەکات
بەسەر خوێنمانەوە گەشە دەکا و بەهێز دەبێت

پیاو و دەریا

ئەی مرۆڤی ئازاد تۆ هەمیشە دەریات خۆش دەوێ
دەریـا ئاوێنەتـە خـۆت لـە هەڵکشـانی شـەپۆلە ناکۆتاکانـی دەدۆزییـەوە
لە کاتێکا ڕۆحت خەرەندێکە کەمتر لە تاڵی ئەوی نییە
ئەوەی جێی دڵخۆشییە ئەوەیە لە وێنەی خۆتا ڕووبچی
بە چاو و دەستەکانت لە باوەشی بکەیت
هەندێ جار دڵت یاری بە خورپەی خۆی و
بە هەراوزەنای ئەو شکایەتە وەحشی و سەرکێشە دەکات
ئێوە دوو ئالۆزن کە هەرگیز شتێ نادرکێنن
جا ئەی پیاو کەس نەیتوانیوە پەی بە ناخت ببات
ئەی دەریا کەس ناتوانێ بە سامانی ناو قوواڵیی تۆ بزانێ
چونکە بە شیددەت نهێنیی خۆتان دەپارێزن
لەگـەڵ ئەوەیشـدا بـێ بەزەییانـەوە بـێ پەشـیمانی لـە جەنگـدان
چونکە مەرگ و کوشت و کوشتارتان زۆر خۆش دەوێ
ئەی دوو جەنگاوەرە ئەزەلییەکان
ئەی ئەو دوو برایەی کە کپبوونەوە نازانن

بە تەواوییەوە

ڕۆژێکیان شەیتان لە ژوورەکەی سەرەوەمدا هاتە دیدەنیم
هەوڵی دا لە کاتی گوناهکردنا بمگرێ و بەرزەفتم کات
شەیدام کە پێم بڵێی کێندەرێی لە هەمووان شیرینترە
لـە میانـی هەمـوو ئـەو جوانییانـەی سـیحری خۆیـان دروسـت دەکـەن
ئەو شتە گوڵین و ڕەشانەی کە جەستەی ئەو پێك دەهێنن
چ شتێ جوانترە؟

ئەی نەوسی خۆم وات دەبینم ، بە ناچاری خۆشت دەوێ
جێی بەراورد نییە هەرشتەکانی هەتووانە
کاتێ بە ئەفسوونی خۆی لوولم دەدات
دەمبینی کە نازانم ئەو شتە چییە ئەفسوونم دەکات
وەك سپێدە دەمخاتە تەباهی و وەك شەو دڵم دەداتەوە
ئەو گونجانەی تەواوی جەستەی لوولدەدا
ئەوەندە جوانە شیکردنەوەش
هێزی ژماردنی گونجانە زۆرەکانی ئەوی نییە
هەموو هەستەکانم لە یەکیاندا دەتوێنەوە
هەناسەکەی موزیك دەخوڵقێنێ
دەنگیشی عەتر دروست دەکا

تارمایی

وەك فریشتەیەکی خودان چاوێکی وەحشی
دەگەڕێمەوە سەر بالینگانت
بەبێ هەرو زەنا لە تاریکی شەوا خۆم دەخزێنمە تۆوە

ئەی ڕەشتاڵەی خۆم ماچی ساردی وەك مانگت پێدەبەخشم
هەر وەها دسگەمەی مارەکان
کاتێ بەدوای لانەکانیان دەگەڕێن
کە سپێدە دادێتەوە دەبینی،
شوێنی من چۆڵە و تا شەو دادێ ساردە
وەك چۆن هەندێ دەیانەوێ
بە خۆشەویستی بەسەرتا زاڵ بن
ئەوە من دەمەوێ بە ترس و تۆقاندن بەسەرتا زاڵبم
.

- بودلیر بقلمە – ت - صلاح لبکی
مختارات من ازهار الشر – انترنیت کتاب ktaba-